مەسعود بارزانی بە بۆنەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە

مەسعود بارزانی پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە، لە بەشێکیدا دەڵێت، هیواخوازم کولتووری پێکەوەژیان و برایەتی و تێبایی نێوان سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان کوردستان و عێراق پارێزراو و پتەوتر ببێت، هەروەها گوتیشی: "لەژێر هیچ پاساو و بیانوویەك نابێ پاشەکشە بە فەرهەنگی پێکەوەژیان بکرێت".

دەقی پەیامی پیرۆزبایی مەسعود بارزانی بە بۆنەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح، "بە بۆنەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح، گەرمترین پیرۆزبایی خەم ئاراستەی خوشك و برایانی کریستیان لە کوردستان و عێراق و سەرانسەری جیهان دەکەم". سەرۆکی پارتی وتیشی: هاوکات بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ و جەژنەکانی ئێکیتە پیرۆزبایی لە گەلی کلدان سریان ئاشووری لە کوردستان و عێراق و هەموو جیهان دەکەم و هیوای خێر و خۆشی و بەختەوەریان بە دەخوازم.

لەو بۆنەیەدا هیواخوازم کولتووری پێکەوەژیان و برایەتی و تێبایی نێوان سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان کوردستان و عێراق پارێزراو و پتەوتر ببێت و وەڵامی دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی خەم بە ماف و داوا ڕەواکانی هەموو پێکهاتەکان جەختیش لەوە دەکەمەوە کە لەژێر هیچ پاساو و بیانوویەك نابێ پاشەکشە بە فەرهەنگی پێکەوەژیان و مافی خوشك و برا کریستیانەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و

ئا یینییکا نی تری کوردستان و عراق بکرت.